نێچیرڤان بارزانی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەبێت دەستور وەك خێی جێبەجێبكرێت

سەرۆكی هەرێمی كوردستان رایدەگەنێت، دەستوری عێراق بەو ناو فیدراڵییە، بەڵام لەو ڕاستیدا هەمو شتێكە جگە لە فیدراڵی و سەبارەت بەموچەش دەڵێت، "دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، هەم دەبێت دەستور وەك خێی جێبەجێبكرێت، هەم دەبێت كێشەی موچە كۆتایی پێبێت".

نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان، لە میانەی بەشداریكردن لە پانێڵێك لە پەراوێزی دیداری مۆری لە هەولێر كەموتێع بێدواداچوونی بۆ كردووە ئەمە وتی، "سەركردایەتیی كورد ئەوەی پێویست بو بۆ بیانتنانی عێراقێكی نوێ كەمتەرخەمییان نەكرد، دەستوری عێراق دەستكەوتێكی گەورە بو بۆ هەرێمی كوردستان نابێت بەو كەم سەیری بكەین، بەڵام دەبێت ئەوە بپرسین ئایا دەستور وەك خێی جێبەجێ كراوە؟ لەو وەڵامدا بگومان نەخێر تا ئێستا وەك خێی جێبەجێنەكراوە".

ئەوەشیخستەڕو، "ئەگەر بمانەوێت عێراقێكی خێشگوزەران لە ڕوی سیاسی، كەمەڵایەتی و ئابوری ببینین، مەرجی یەكەم پابەندبونە بە دەستوری عێراق، گەورەترین كێشەی عێراق ئەوەیە تا ئێستا نازانرێت سیستەمی وڵاتەكە فیدراڵییە یان ناوەندییە، عێراق لە ناوەڕێكدا هەمو

شتەکە تەنیا فیدراڵی نییە، ئەوەی ئێستاش عێراق کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەیکات ناوەندگەرایییەکی زۆر بە قوەتە".

باسی لەوەشکرد، ""بە باوەڕبەخێبونەوە پێموایە قوڵایی ستراتیژی هەرێمی کوردستان بەغدایە، بڕیە دەبێت لەگەڵیاندا بگەیینە ئەنجام".

سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، نێچیرڤان بارزانی وتی، "هەڵبژاردنی ئەمجارە زۆر گرنگە، ئەم هەڵبژاردنە دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە و بڕیە دەبێت هەمو عێراقییەکان ئەم پرسە زۆر بە گرنگ بزانن و هەست بەو بەرپرسیارێتییە بکەن".

دەشێت، "دەبێت ئێمە وەك کورد لەو هەڵبژاردنە بەشدار بین دەبێت خۆمان بسەلمێنین، چونکە سەنگی کورد و یەکگرتنی کورد لە بەغدا سەرچاوەی هێزە بۆ هەرێمی کوردستان".

سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێم، نێچیرڤان بارزانی ڕونیکردەوە، "هەڵبژاردنێکی زۆر سەرکەوتوانە لە هەرێم بەڕێوەچو، ڕاستە پرسەی پێکهێنانی کابینەی نوێ زۆری خەیاندوە، بەڵام ئەوەی ئێستا گرنگە پەیوەندییەکی زۆر باش لە نێوان پارتی و یەکێتی هەیە.

ئاشکراشیکرد، "قۆناغی زۆر گرنگمان لەگەڵ یەکێتی بڕیوە، دیدگای سیاسی خۆمان بۆ داهاتوی سیاسی ئەو وڵاتە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا، وەرقەیەکی هاوبەشمان دروست کردوە، لەگەڵ یەکێتی تەنها ماوە لەسەر پێستەکان لە هەرێمی کوردستان ڕێکبکەوین".

ئەوەشی ڕاگەیاند، "لەو بڕوایادا نیم کە کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەر لە بەڕێوەچونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق پێبکبهێنرێت".

سەبارەت بە پرسی موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی وتی، "دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، هەم دەبێت دەستور وەك خێی جێبەجێبکرێت، هەم دەبێت کێشەی موچە کۆتایی پێبێت".